

# کراسی خۆشبەختیم بۆ نابێت

سارای پایز

2023



هیچ کراسیکی خۆشبەختیم
بۆنابیت
بەڵام هەموو کراسی بەدبەختیەکان
پڕ بەبەرمن

2023

# (کراسی خۆشبەختیم بۆنابێت )

ناوی کتێب: کراسی خۆشبەختیم بۆنابێت
بابەت: تێکست
نوسینی:سارای پایز
٢٠٢٣

## ئەو پەراوێزانەی لەناو شعردا جێگەیان نابێتەوە.

گەر پێنوس نەبووایە دەبوو مرۆڤ بەشوێن چیدا بگەڕایە تا بۆ خاڵی کردنەوەی بورکانی دڵی و شاردنەوەی ڕازەکانی پەنای بۆ ببردایە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە هەمیشە لەخۆمی دەکەم، بەڵام هیچ کات وەڵامێکی ڕازیکەری خۆمم نداوەتەوە،هێندە دەزانم مرۆڤ پێویستی بەدەروازەیەکە بۆخاڵی کردنەوەی ناخی لەدۆخە سەخت و دژوارەکاندا، زۆر جار دەڵێم ئەشێ ئەو مرۆڤانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن ڕێگەی نوسین پێنەزانن...

بەهەرحاڵ وەك هەمیشە باسم کردوە ،ناکرێ هەرچی نوسرا پێی بوترێت شعر،بۆیە من ئەوتێکستە بچووکانە ناو دەنێم (ئەو پەراوێزانەی لەناوشعرداجێگەیان نابێتەوە).ئەکرێ ئەمە دەروازەیەك بێت بۆ وەچەرخانی ئەو شەپۆلە شعریەی لە ئێستادا بەگشتی پەیڕەو دەکرێت.

(١)

چاوەکانم دوو لاپەڕەن

هەزار چیرۆك دەگێڕنەوە

وەلێ ،تۆ نەخوێندەواری...!

(٢)

تۆ، لە ئاو مەچۆ

با منیش بەردت تێنەگرم

(٣)

تۆ لەهەرکوێ بیت

ئەوێ نیشتمانە،

زوو بێرەوە...

با من لەم غەریبیە نەمرم

(٤)

به هاتنەوەت
نە پرچم ڕەش دەبێتەوە
نەبەختم سپی
لێرەبیت یاخود لەوێ
ئەوەی زیاد ئەکات
تەنیا چرچەکانی نێوچەوانمە.

(٥)

تۆ لەگۆرانیەکی بیانی ئەچیت،

هەرچەندە لێت تێناگەم

بەڵام هەمیشە ئارەزوو ئەکەم

گوێم لە دەنگت بێت.

(٦)

ئەم جێگە خاڵیەی دڵ

تەنیا بۆ بەر لە نەبوونت

پڕ دەبێتەوە.

(٧)

دەستکرد نیە

وەك چەقۆ

نیشتمانێکی دولەت کردوە

چیا...

(٨)

ئەوەندە دەم بەهاوارە
جێگەی هیچ نهێنیەکی تیانابێتەوە
چاو...

(٩)
هەمووکاتەکانی تەمەنم
بەسڕینی چاویلکەکەمەوە تێپەڕاند و
ڕۆشن نەبۆوە
لەکۆتاییدا تێگەیشتم
ژیان خۆی تەڵخە...

(١٠)

هیچ کراسێکی خۆشبەختیم بۆ نابێ
بەڵام کراسی هەموو بەد بەختیەکان
پڕ بە بەرمن

(١١)

هەروشەیەك لەزاری تۆ
دێتە دەرێ
زۆرکەس دەیخەنە سەر خۆیان
جگە لەمن
تۆلە کابرای سێو لەباخەڵ دەچیت...

(١٢)

ئەبێت فێری شاردنەوەی هەستەکانمان بین،
وەك ئەو سمۆرەیەی گوێز دەشارێتەوە
بۆ ڕۆژە سەختەکان.

(١٣)
كاتێك ووتت لەبەرمن
ئاگادری خۆتبە
هەستم كرد ئاگاداربوونی خۆم ئەركە
درەنگ زانیم ئەو ڕستەیە
كرمێك بوو بەو قولاپەوە
كە بۆ منی ماسیت هەڵدا

(١٤)

سپی سپی لەبەفر ئەچێ

سەری من و بەختی ئەو.

(١٥)

پێتوانەبێ

هەرفرمێسکێ کەبۆم ڕشتووی

تۆڵەکەیت لێدەستێنم

ڕێڕەوی ڕوباری هەر عەشقێ

سەرچاوەکەی نەگات بەمن

لەهیچ شوێنێك نایوەستێنم

(١٦)

هەمووان بۆ سەفەر

پێویستیمان بە بەڵگەنامەیە،

نەك بیانوو.

4

(١٧)

هەرگیز ناتبەخشم

تالە قیامەت ونت نەکەم

(١٨)

قژم لەڕۆژگارەکانی تۆو
چاوم لەڕۆژگارەکانی خۆم ئەچێ

(١٩)

ژیان یاری کورسی کورسییە
ڕۆژێك لە لوتکەو
ڕۆژێك لە ناخی زەویدای
ئەم یارییە تەنیا یەك بیلیتی هەیە

(٢٠)

درەختێکم بەیادی پەنجەکانی تۆوە

بابسکم بۆ دادێنێت

بەری ئازارم گرتووەو

دەستێك نیە بیورێنێت

تۆش بەیادی بسکی من

بسکی ڕەزێك شانەکە

کچی ترێ ،لەگۆزەی خاڵی مارەکە

(٢١)

هەرگیز باوەڕم نەدەکرد بێ دایکی

ئەوەندە منداڵ پیربکات

تا دایکم مرد...

(٢٢)

سێ شت لەنێوانی من و تۆدا زۆر کورت بوو
ئەو کاتەی دەستی یەکمان گرت
ئەو کاتەی سەرت لەسەر شانم دانا
پەتی درۆکانت،
سێ شت لەنێوانماندا تاقیامەت درێژ ئەبێتەوە...
خەیاڵی دەستت هەمیشە لە دەستما،
قورسایی شانەکانت لەسەر شانم،
ئازاری شکانی دڵم.

(٢٣)

کاتێك شەو نەگات بەڕۆژ

گوناهی کاتژمێر چییە؟

(٢٤)

خۆزگە دەکرا
خودا تەمەنێکی دووبارەی پێ ببەخشیمایە،
ئاخر ئەم تەمەنە کورتە
بەشی پیاسەیەکی درێژناکات لەگەڵ تۆ.

(٢٥)

کاتێك تۆ هەی

چ قودرەتە، لەهیچ کونجێکی دڵمەوە

بۆ چاوشارکێش سەر دەربهێنێ

خەم...

(٢٦)

هەرگیز مەهێڵە بیرت بکەم

چونکە لە نەبوونتا دڵ دائەخورپێ

(٢٧)

تۆ، درەختێکی پیرەساڵ

من، چڵێکی شکاو

عەشق، باڕەش

نە دەستم دەست بەردارت دەبێ و

نەباڕش هیچی پێدەکرێ

چاوەڕێم داربڕێك بمکات بە گۆچان.

(٢٨)

نێوانی من و تۆ
لەنێوانی نوح و کوڕەکەی دەچێت
نەتۆ دەتوانی ڕزگارم کەیت و
نەمن دەتوانم دەستبەرداری
بیرکردنەوەکانم بم
خۆت لەمن ڕزگارکە .تابەردەوام بێت ژیان

(٢٩)

کۆتاییەکان باشترینن

من دڵنیام

چونکە گەیشتوومەتە کۆتایی

(٣٠)

گەر لەگەڵ تۆ پێك بگەیشتینایە
داوام دەكرد مارەییەكەم
كتێبێك بێت
وشەكانی نەبیسترابن
تا هەرگیربیر لە ڕۆیشتن نەكەیتەوە

(٣١)

درەختێك

لەگوێی چەمێك لەدایك بوو

فێری زمانی بۆق بوو

شاهیدی بەرد باران كردنی ئاو بوو

گەڵاكانی لەژێر فەرشی قەوزەكاندا ناشت.

چڵەكانی بوون بە چیرۆك نووس

(٣٢)

کەس فرمێسکەکانی نابینێ

کاتێك بەرد بارانی دەکەن

چەم

(٣٣)

هەندێك لە تینوانداو

هەندێك لەدەریادا دەخنكێن

تۆش لە ئاو ئەچی

هاكا خنكام.

(٣٤)

لەو ڕۆژەوەی دڵت شکاندووم

وەك ئەوەی چەڵەمشکێنەمان کردبێ

هەرکات دەتبیم

لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

لەبیرمە...

(٣٥)

هەمیشە لەدوای ڕستەی ئازار
فاریزەیەك دادەنێم و
لەوێوە دەستدەكەمەوە بە ژیان.

(٣٦)

هەرگیز سڵ مەکەرەوە لە وتنی ڕاستیەکان
چاوەڕوانی تاڵیەکان شیرین ناکات.

(٣٧)

نەغمەی ئاوازی دەنگی تۆم

لەناو کوێما هەڵگرتووە.

بۆ ئەو ڕۆژانەی ئیتر نیت.

(٣٨)

ئیتر زەمەنی من بەسەر چوو
هەرچی بە ئومێدی تۆوە چوو
سمێڵی دانا،کە بۆڕیشی چوو
لەنێوانی ئەم چوون و نە چوونەدا
هەم دڵی چوو ،هەم ڕۆحی چوو

(٣٩)

ئەم ڕۆژگارانە هێندەڕەشن

بەهیچ سپی نابنەوە...

(٤٠)

دڵ سندووقی سکاڵایە
زمان کلۆم دراوە
لەبەختی من
بەری ئاسمان بەبێژنگی خەم گیراوە

(٤١)

ڕۆیشتنت لەهاتنی بەفر ئەچوو

قژی ڕەشی سپی کردم

(٤٢)

پینه ناکرێ
ئەم کراسی بێ تووییەی
تاقیامەت پڕ بەبەری
خەمەکانی من دووڕراوە..

(٤٣)

هیچ ملی پێ کەچ نەکردم
بەڵام ئێستا گیانیش دەدەم
بۆ هاتنەوەت
ڕەنگی کفنی لێنیشت قژم
قیامەت بۆتە مەراقم
نەئەو دێت و نەمن دێم ...

(٤٤)

گەر وشە نەوتراوەكانی سینەم

وەك میرات دابەش كرایە

بەشی هەموومرۆڤەكانی سەرزەوی دەكرد

(٤٥)

لەدوای تۆ خاڵێك دادەنێم و

دەچمەوە سەری دێڕی ژیان.

وەلێ ژیان بێ تۆ دەست پێناکاتەوە،

دەبێت تاهاتنی مەرگ

چاوەڕوانی خاڵی کۆتایی بم.

(٤٦)

زۆر جار هەست ئەکەم
من مرۆڤێکی زیادەم
خودا لە پاشماوەی قوڕی
ئەوانی تر خوڵقاندوومی

(٤٧)

تۆ دەتوانیت جێگەی هەموو کەسم بۆ بگریتەوە

بەڵام هیچ کەس جێگەی  خاڵی تۆ پڕناکاتەوە.

(٤٨)

تا تۆ هەبی هەمووشێك باشە

کەتۆ نەبی هیچ شتێك بوونی نیە تاباش بێ

(٤٩)

هیچ کات مەهێڵە چاوەروانی
هیچ شتێك بم
بۆنمونە:-
چاوەڕوانی بیستنی دەنگت
چاوەڕوانی هاتنی نامەیەکت
چاوەڕوانی هاتنێکت،
ئاخر من وەك منداڵ وام
یان بەدەم چاوەڕوانیەوە خەو دەمباتەوە
یان بەدەم گریانەوە.

(٥٠)

لەمنداڵیمدا

هەمیشە خەونم بەم گەورەبوونەوەدەبینی

کە ئێستالێی پەشیمانم

(٥١)

ئەشێ من سەدەیەك لەمەو بەر ژیابێتم

وەك گوناهكارێك

ئەم دۆزەخەی هەموو ڕۆژێك تیایدا دەسووتێم و

دەمرم و دووبارە زیندوو دەبمەوە،

قیامەتبێ ....

(٥٢)

هەموو ڕۆژێك وەك ئەو دایكەی
كۆرپەكەی لەناوە ڕاستی شاردا لێ ون بووبێت
چاوت بۆ دەگێڕم
كە ناتبینم،
دڵم دادەخورپێت
وەك یەكەم ساتی ون بوونت.

(٥٣)

بەسەد بەهار چرۆناکاتەوە
ئەو درەختەی داربڕێك
سەری بڕی

(٥٤)

مردن هەموو ڕۆژێك بەردەرگام پێدەگرێت

هەر ڕۆژەو لەبەرگێكدا.

ئەمڕۆ كاتێك ڕێگەی پێگرتم

لەبەردەمی مەعشوقەكەمدا

چاومان لە چاوی یەك بڕی و نەیووت سڵاو

(٥٥)

تا تۆ هەبی دەستبەرداری ژیان نابم

پشتیشم تێبکەی دەزانم

بۆ ئەوەیە کەپشتت پێببەستم

(چ خەیاڵێکی جوانە متمامنە بە تۆبوون..!!!)

(٥٦)

زۆر بەڵێنم بەدڵمداو شکاندم

ئێستا ئەویش ماندوو بووە لە لێدان

(٥٧)

چەند بەشەنسە ئەو شەقامەی
تۆ بەسەریا ڕادەبووری،
چەند بەختەوەرە ئەو دەرگایەی
ڕۆژی چەند جار
دەستت دەخیتە نێو دەستی
ئێرەیی بەو ئاوێنەیەش دەبەم
کەڕۆژانە لەناو خۆیدا هەڵت دەگریٚ
تا خوا حەزکات من حەسودم!
دڵم لەو سەرینەش پیسە
کەبۆنی سەری تۆی لێدیٚ
تۆچی ..؟؟؟
منت لەبیرماوە؟؟؟

(٥٨)

کەون دابەش بووە بەسەر

(نێرو مێ ) دا

بەڵام مرۆڤ بوون یەك پێناسەی هەیە.

(٥٩)

وتنى يەك وشە
دەتوانێت كۆتايى بە يەك سەدە
چاوەڕوانيى بهێنێت.

(٦٠)

بیری ئەوڕۆژانە ئەکەم

کەبیری گەورەبوونم ئەکرد

(٦١)

ئیتر غرور
وەکو شوشەی شەرابەکەت
ورد ناکەم
ڕێگایەکی زۆر دوور نییە
نێوانی ئێرەو قیامەت.

(٦٢)

تۆم لەڕابردوومدا جێهێشت

ڕابردووش هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

(٦٣)

ماندووبووم لەوەی

هێندە بە درۆوە

زەردەخەنە بەڕووی هەمواندا بکەم

کاتێك وتیان چۆنیت؟؟

بۆ دەبێت بڵێم باشم؟؟؟

(٦٤)

بەنیشانە بوونم خەتای تیرەکانی تۆنیە

تیرەنداز

کاتێك باڵم هەیەو نافڕم

پێکانم، تیرەکی تۆخۆش...

(٦٥)

گەرووم لە گۆڕستانی وشەنەوتراوەکان ئەچێ

ئاخر ئەهلی گلەیی نیم.

(٦٦)

گەرژیان فیلمێك بوایە
هەرزوو ئەمخستە کۆتاییەکەی

(٦٧)

بارو دۆخەکان
ناچار بە درۆ کردنمان دەکەن
تۆ بۆ بەدەست هێنانی من و
من بۆ لە دەست نەدانی تۆ
درۆمان کرد،
تا هاوسەنگ بین و نەبووین.

(٦٨)

ژیان بە جۆرێکە
دەبێت پەڕو باڵی ئەو خەیاڵانەش بکەین،
کەدەیانەوێت سنەوری واقیع ببڕن.

(٦٩)

لەژیاندا تەنانەت
خەونەکانیشمان دەبێت،
بەئەندازەی ئاسانی
هاتنە دیان بێت.

(٧٠)

لەعەشقا هیچ مەرجێك نیە،

ئەمە یاسایە...

منیش هەرگیز لەیاساکان لانادەم

(٧١)

عەشقی تۆ،
لەقەتماغەی برینێکی قوڵ دەچێت
ڕۆژێك نییە نەکولێتەوە
چێژلەنوێ بوونەوەی
ئازارەکەی نەبینم.

(٧٢)

ئەو کەسانەی پێویستە ڕقمان لێیانبێت

ئەو کەسانەن کە لەخۆمان خۆشترمان ویستوون.

(٧٣)

-خەم لەقومارچییەکی دۆڕاو دەچێت

کاتێك من پێدەکەنم...

(٧٤)

ئەوەی جاران لەنێوانی من و تۆدابوو

تەنیا (و)ێك بوو

ئێستا حەوت كێو...

(٧٥)

غەریبیی هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە
مەگەر بە،
چاویلکەیەکی ئەستوورو
گۆچانێکی تۆکمە و
تەمەنێکی دووبارەوە نەبێت

(٧٦)

هەمیشە گوێم بەگۆرانیەکانت
وەك زەنگی کڵێسا
دەزرنگێتەوە.

(٧٧)

تەنیا، بوونت

ئارامیی بەدڵ ئەبەخشێت

تۆ هەبە، تا

من بە ئاسودەیی بمرم.

(٧٨)

شتێك بڵێ، بەشی ئەم دڵشکانەم بکات
هەرچی پاساو بۆ ئەقڵم دەهێنمەوە
ئەو گەمژەتر لێم دەڕوانێت.

(٧٩)

دەمەوێت زۆر زوو پیرببم
تا تووشی لەبیرچوونەوەببم
زۆر دەترسم
ئەم ئێستایەم ببێت بەڕابردوویەك
لەپیریشدا، بیرم نەچێتە

(٨٠)

**چەندە سەختە!**

ڕۆژانە ڕاهێنان ئەکەم

بۆ ئەوەی تۆم لەبیر بچێتەوە.

(٨١)

تەنیا ئاواتێك کەهەمە

مردنە...

زۆرئەترسم

ئەویش وەك ئاواتەکانی ترم بێت.

(٨٢)

که هەنگوینم ژەهری ماربێ
برینم جێی خەنجەری دۆست
ئیتر چ هیوام بە ژین بێ؟؟؟
نەبێ زار بۆ وەسفی حاڵ

(٨٣)

ماسییەکی یاخیم لەتۆڕ
چیتر بەکرمی قولاپەکان
فریوناخۆم

(٨٤)

کەمن نەتوانم لەبیرتکەم

چۆن پێت بڵێم بیرت ئەکەم

(٨٥)

باس كردنی ئازارەكان بۆ نابیستێك

وەك دەردانی ئاوی دەریایە بە بێژنگ

(٨٦)

تاپەراوێز نەخرێین

بەپەراوێزەکانماندا ناچینەوە،

ڕۆژێك دێت، تەنانەت

لەپەراوێزەکانیشدا

یەکتری نادۆزینەوە.

(٨٧)

که تۆ شێر بیت و من خەت
لەژێر چنگی ڕۆژگاردا
هەریەکێکمان دەرئەچین.

(٨٨)

لەنێوان هەموو کڵاوە گوڵەکاندا

تۆ گوڵ دەرچووی،تۆش فت.

(٨٩)

هەمیشە گۆرانی بۆ سەفەری ئاو ئەڵێن
بۆقەکان...

(٩٠)

تۆ ئەو بەردەی

ئاڕاستەی شەپۆلەکانی ژیانمی پێ شێواند

خودا...

(٩١)

گەر گریانی من

ئەتهێنێتە پێکەین .بمگرێنە

بیری پێکەنینەکەت ئەکەم

(٩٢)

ئەوەندە پەرتم

بۆمردنم ،خودا پێویستی بەکاتە

تا کۆمبکاتەوە.

(٩٣)

چارەنوسی من و نەنكم لەیەك ئەچوو
هەردووكمان عاشقی ڕاوچیەك بووین
ئەو لە چیرۆكەكانیدا پێی گەیشت و
من لەڕاستیدا بووم بە نێچیر.

(٩٤)

سەختە کاتێك دوونیایەك قسەت لەدڵدایەو
کەسێك نەبێت لێت تێبگات.
وەك ئەوەی لە وڵاتێکی بێگانەدابیت.

(٩٥)

کاتێك چاوەڕوانیەکان کۆتاییان دێت
ئیتر ڕۆژەکانی ژیان
دەست دەکەن بە دووبارە بوونەوە.

(٩٦)

گەر خودا هێندە نادادپەروەر بێت
نزاکانی تۆ گیرا بکات و
نزاکانی من گیرا نەکات،
هەردووکمان لە دۆزەخدا یەك ئەبینینەوە.

(٩٧)

ئەوانەی بەخوێنی سەری من تینوون

ئەوانەن کە خوێنم لە پێناویاندا بوو بە ئاو.

(٩٨)

قەرزاری ئەوانەم کە دڵم دەشکێنن
ئاخر گەر ئەوان نەبن
چۆن جیاوازیی لە نێوان
تاڵی و شیرینی ژیاندا بکەم...؟

(٩٩)

مەرج نیە خۆکوشتن
واتای بێزاری ئێمەبێت لەژیان
هەنێدکجار لە ئەزەلەوە
بوونی ئێمەێ زیادەیە.

(١٠٠)

هەندێك ڕاستیی ئەوەندە تاڵە

توانامان نییە،

بیهێنینە سەر زار

(١٠١)

پەنجەرەکان ژەنگیان گرت
دەرگاکان داخران،
درەختەکان زەرد هەڵگەڕان،
کانییەکان گۆزەکانیان پڕکرد لەگریان و کوێر بوون
ئەودەمەی
پایز هات و تۆ ڕۆیشتی.

(١٠٢)

چیتر گوناهەکانت نابەخشم
من خودا نیم...

(١٠٣)

خۆگە وەكو ساڵ ئەبووی
لەدوای تێپەرین جارێكی تر
دووبارە دەبوویتەوە.
خۆزگە وەك مەلی كۆچەری دەبووی
پایز دەڕۆیشتیت و بەهار دەگەڕایتەوە.
خۆزگە وەك خۆر
ڕۆژی جارێك
بەدەورتا دەسوڕامەوە.
یان خۆزگە وەكو شەوو ڕۆژ بووینایە
هەرگیز بەدیداری یەك
نەگەیشتینایە.

(١٠٤)
کەبەتەوری ڕازی دڵت
چڵ و پۆپ و خونچەی تازەی
درەختی ژینمت شکاند
زۆری و کەمی ئازاری زامەکانم
پرسی دەوێ ؟؟؟

(١٠٥)

ژیان سەفەرێکی کورتە
ئەڕۆم و لەپشتی گەڵاکانەوە خۆم ون ئەکەم
تا زەمەن و مەرگ و پیری نەمدۆزنەوە.

(١٠٦)

ژیان تاقەتی ئەوێ

منیش نیمە...

(١٠٧)

خۆزگە دەهاتیتە ناو خەونێکمەوە.

نە تۆ دەڕۆیشتیتەوە و

نەمن بە ئاگا دەهاتمەوە.

(١٠٨)

بیرەوەریەکانم لێبۆتە تەوق

لەم زەمەنی لەبیرچوونەوەیەدا.

(١٠٩)
گەر هەر كەوتنێكت
وانەيەكی فێركردی
دڵنيابە هەميشە بەپێوە
دەمێنيتەوە.

(١١٠)

ئازارەكان جۆريان هەيە

هەندێك ئازار ئەوەندە خۆشەويستن

هەرگيز حەزناكەين بەكۆتابگەن.

(١١١)

چی ئەبوو گەر ، ئەم نەبوونەت بوون بووایە
هەرچی لە ڕابردوو دا جێما خەو بوایە،
ئەم دەرچوونەت لەدل قەرار نەبوو
سۆزی بوو،بۆمبیبتە سێبەر ،هەم سایە.

(١١٢)

شێتانە شەیدابوونی کەسێ کەنازانی
ئەهلی بەهەشت یان دۆزەخە
ئاکامەکەی هەر دۆزخە.
کوجا شێت فەرقی ئەکات
جەننەت و سەر سەر

(١١٣)

لەدوای نوێژ
نزایەکم نیە بیکەم
تەنیا سەرێك بەرز دەکەمەوە،
خودا خۆی لەڕازی دڵەکانە تێدەگات.

(١١٤)

هەندێك پرسیار لەسەر دڵ دەبن بەگرێ

تۆ ئەو پرسیارەی غرورم ڕێگەم نادات

تاقیامەت بتكەمەوە.

(١١٥)

چاوەڕوانم زوو قیامەت بێت
ئەوکات خودا
یەك یەك تاوانەکانی تۆ دەبژێرێت و
من بەیەك جار لێت خۆشەم

(١١٦)

هەندێك جار ئازايەتی

كۆڵدانە، نەك كۆڵنەدان

لەوشتانەی هی ئێمە نین..

(١١٧)

بەهیوای بینینەوەی تۆوە
نزائەکەم منیش بمرم
زۆر دەترسم لەو دنیاش
هیوای مردن بخوازم!

(١١٨)

هەندێك كەدێن،

هەموو بوونمان داگیر دەکەن

بۆیە کاتێك دەڕۆن

وەك دایکە دووپشك

تەنیا جەستەیەکی وشکهەڵاتوومان لێدەمێنێتەوە

(١١٩)

کاتێك هاوارەکانمان نەگەنە گوێ

پێویستە بێدەنگ بین،

تا ئاستی لاڵ بوون.

(١٢٠)

خوداى ئەم عەشقە ئەتگرێ
وەك ئێستاى من، ئەوكت ئەگرێ
دەست هەڵگرە لەپێكەنین
بە ئازارو ژانى پڕ سوێم
ڕۆژێك دادێ خۆم ون ئەكەم
خوانەبێ، هیچ كەسێك نەزانێ
من لەكوێم

(١٢١)

گەرچی خودا

وەك ئادەم بەهەشت و

وەك زولەیخا جوانی و

وەك قاروون گەنج و

وەك نوح تەمەنێکی درێژو

وەك یوسف پایەو

وەك ئەیووب سەبرو

وەك عیسا پەرجووم پێببەخشێ

تۆ هی من نەبی

نزای وادەی مەرگ ئەکەم

(١٢٢)

ئەمشەو هێندە درێژە
دەڵێی تاریکی
لەجێهێشتنی ئاسمان
یاخی بووە.

(١٢٣)

خۆزگە دەكرا لەگەرمەی پێكەنیندا
مەرگ دەبوو بەمیوانم
نەك لە چاوەڕوانی مەرگدا
ماتڵ بام.

(١٢٤)

چەند ئەستەمە

لەساڵیادی پشکوتندا

درەخت وەجاخی کوێر بێت.

(١٢٥)

قاوه گرێك

تۆی لەکوپی قاوەی
چارەنوسمدا نیشاندام
نەمزانی تەنیا وەك ڕێبوارێك
دێیت و دەڕۆی

(١٢٦)

گەرئەمجارە ببیت بەهی من

تافریشتەی ڕۆح کێشان دێت

قسەت بۆ ئەکەم

تادەرفەتی ڕۆیشتنت نەبێ

وەلێ من ئەو دەرفەتە

دووبارەیەم نییە.

(١٢٧)

چەند سەختە هەست بکەی

تەنیا ئەژیت...

(١٢٨)

گرەوم لەسەر هاتنت کرد

نەهاتنت بردیەوە

کاشکا گرەوم لەسەر نەهاتنت بکردایە و

بەهاتنت گرەوەکەم دۆڕاندبا.

(١٢٩)

ئیتر، ئێوارەیەك نیە بە چاوەڕوانی
گەڕانەوەی تۆوە
هەموو ئێوارەکانم لەیەك ئەچن.
وەك ئەو گوڵە بەڕۆژەیەی
ئیتر چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆر نەکات.

(١٣٠)

گلەیی لە بێدەنگیم مەکە
من بە ڕۆیشتنت
لاڵ بووم

(١٣١)

کەتۆ بێدەنگ ئەبێت

هەست ئەکەم

شار چۆڵە

(١٣٢)

دڵم دەیەوێت بۆت بنوسم

بیرت ئەکەم

لەترسی ئەقڵم ناوێرم

(١٣٣)

بێکەسی ئەوەنیە

کەست نەبێ

هەندێك جار نابینرێین...

(١٣٤)

لەڕێگەی شعرەوە
مەچۆ بەرقاپی دڵێکی تر،
ڕۆژێك دەنگی شکانی ئەو هەموو دڵە
کاست ئەکات.

(١٣٥)

هیچ خەتایەك مەخە سەرخۆت
ڕەنگی بەختی خۆم قەترانیە.

(١٣٦)

کاتێك دەتەوێ پێ بە شوشەی دڵمابنێی
وەرد ورد هەنگاو بنێ
نەبادا پارچە شکاوەکانی زامدارت بکات.

(١٣٧)

بێ تو  هەمیشە جێگەیەك چۆڵە
لە ئاسمان جێگەی ئەسترەیەك.
لەسەفەردا كورسییەك
لەكاتی خەودا سەرینێك
لەناو دڵما .....تۆ

(١٣٨)

برینێکی چەند شیرینی لەسەر دڵم

لەمەی ئەچی...

(١٣٩)

هيچ كەس وەك من

تۆی دەستخەڕۆ نەكرد

ئاخر ئەوانی تر وەك من نين

نەخۆشيان دەوێی

نەڵێت خۆش ئەبن .

(١٤٠)

لەبیرچوونەوە

بۆژیرەکان

چ نیعمەتێکە...

(١٤١)

هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بەتۆم بڕی
کۆتا کۆڵان گەیشتم بە نائومێدی.

(١٤٢)

ئاهی شکانی دڵم و

ئاهی عەشق و

ئاهی ئەو هەموو چاوەڕوانیەو

ئاهی دڵتەنگیەکانم ناتگرن

هێندە نزای خۆشبەختیم بۆ کردووی.

(١٤٣)

هەمیشە لەنێوان
ڕێگای یەکەم و دووەمدا
بۆ ڕێگای سێهەم دەگەڕێم
خۆشبەختی پێویستی بە
ئارام گرتنە نەك نزا

(١٤٤)

ژیان دەزوویەکی لێك ئاڵۆسکاوە
کردنەوەی گرێکانی
ئارامی و خۆڕاگری ئەوێ
تۆ ئەو گرێ یەی
پەنجەکانم بێهیوابوون
لە کردنەوەی

(١٤٥)

تۆ تاكە بەهانە بوویت بۆ ژیانم

کەتۆنیت، ئیتر بەهانەیەك نەماوەتەوە بۆ مردن.

(١٤٦)

من دڵی تۆو

تۆش دڵی من تیمارکە،

چەند جوانە هەردووکمان هەتوان بین!!!

(١٤٧)
لەو ڕۆژەوەی دڵت شکاندووم
وەك ئەوەی تەڵەمشکێنەمان کردبێت
هەرکات دەتبینم
لەبەرخۆمەوە دەڵم :لەبیمە!

(١٤٨)

گەر قسەی کۆتاییت سەرەتا بکردایە
نە من دڵم دەشکا و
نەتۆ شکۆت...

(١٤٩)

هەندێك

ئازاری ویژدان

هەندێکی ئازاری بێویژدانێك

ناهێڵێت بخەون.

(١٥٠)

کاتێك دەگەینە خاڵی کۆتایی

وتنی ڕاستییەکان و

هۆنینەوەی درۆکان

وەك یەك بێبەهان .